خەڵاتی نۆبلی نادیە و ڕەخنە نارەواکان بەسەر نادیە و کۆمەڵگەی ئێزدیان ... شاخەوان شێش

نادیە لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لە ١٥ سێپتەمبەری ٢٠١٤ دا لە گوندەکەی خۆیان کەجە لەلایەن داعشەوە دەستگیردەکرێ و بەکۆیلە دەکرێ، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤ رزگار دەبێ، لە سەرەتای ٢٠١٥ دا وەک پەنابەر دەگاتە ئەڵمانیا، لەساڵی ٢٠١٦ دا ٣ خەڵاتی مەزن (بالۆزی نیازباشی یوئین، مەدالیای مافەکانی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین) بەدەست دەهێنێ، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا لە ساڵی ٢٠١٨ دا خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بەدەست دەهێنێ.

لە کورتەی پیشکێکەدا چاڵاکی و کاریگەری نادیەمان بۆ بەڵگەوە بۆ دەردەکەوێت. دیارە خەباتی نادیە بریتی بووە لە خەباتی ئەو لە ناساندنی تاوانی گەلکوژی ئێزدیان و هەروەها ئازایەتی نادیە لە دەرچوونی لە قاوغی قوربانییبوونەوە بۆ خەبات دژ بە تاوانباران، ناساندنی دەندەیی تاوانەکە بە جیهان و هەوڵدان بۆ دانپێنانی وەکو تاوانی گەلکوژی، هەروەها چوونی بۆ ئاستەکی جیهانی و لەوێدا خەباتکردن بۆ هەموو قوربانیانی تاوانی دەستدرێژی کە لە زەربەی بارەکاندا لە کاتی شەڕدا و لە بوونی تاوانی جەنگ و پاکتاو و گەلکوژیدا رووبەڕوون، بەنمونەی وەکو دەستدرێژیەکانی تاوانی گەلکوژی دارفور، تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و گەلکوژی لە یوگوسلاڤیای کۆندا، لە شەڕی ئێتنی ناوخۆی کەنگۆدا، تاوانی گەلکوژی رواندا و هتد. دیارە خەلاتەکە لەپای خەباتی نادیەیە بۆ قوربانیانی تاوانی دەستدرێژی لە شەڕدا و ئەوەش جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەروەکو خەباتی د.

دەنیس مەکویکە بەهەمان شێوە بۆ ڕزگارکردنی قوربانیانی دەستدرێژییە لە شەڕی نێوان وڵات و گروپە ئێتنیەکاندا. سەبارەت بە د. دەنیس پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو دکتۆرە تائێستا بە هەزاران نەشتەرگەری بە قوربانیانی دەستدرێژی کردووە و جگەلەوە هەوڵی داوە لەباری دەروونیدا یارمەتیان بدات. تەنانەت لە کاتی بەخشینەوەی خەڵاتەکەدا ئەو خەریکی نەشتەرگەری بووە. ئەو

قوربانیانی د. دانیس نشتاری کردوون بە تایبەتی قوربانی شەی ئێتنیانەی کەنگەن.

نادیە موراد کە خەی قوربانیەکی دەستی داعش ١٨ کەسی لە خزانەکەی بووندە قوربانی، هەندەکیان لە کچ و ژنەکان بەکیلەکراون، هەندەکیان کوژراون، دیارە پیاوەکان هەمویان گولەبارانکران. نادیە خەی یەکەک بووە لە کچە ئێزدیە بەکیلەکراوەکان، دەستدرێژی کراوەتەسەر و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەداندا بووە. دواتر دوای نزیکەی ٣ مانگ کیلەیی خەی ڕزگار کردووە.

جگەلەو خەاتە پەشتر نادیە موراد لە ساڵی ٢٠١٦ دا لایەن یوئینەوە وەکو بالوێزی نیازباشی داندرا و هەروەها مەدالیای مافەکانی مرۆڤی هاڤل و مەدالیای ساخاڕفی بە ئازادی دەربڕین بەدەستهێناوە. بەدەستهێنانی ئەو پایەیە و خەاتانە بەگومان نادیە دەبێنە ئاستەکی بەرزی جیهانی، کە ئێرکی سەرشانی ئەو و خەباتی ئەو دەبێنە ئاستەکی جیهانی و زێر بەرفراوانتر. بەمجەرە بەشەکی گرنگی خەباتی نادیە لەسەرتاوە هەوەک بووە بە ڕزگارکردنی ئەوانەی بەکیلەکران و دەستدرێژیان کرایە سەر و لەبازارە ئیسلامیەکانی داعشدا هەرزانفرۆش کران، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو لایەنەی خەباتی ئەو گرنگی زیاتر وەردەگرێ و دەبەتە جیهانی، چون کەشەکە کەشەیەکی جیهانیە و بەرفراوانە.

لای هەموان ئاشکرایە کە لە ٣ ی ئەگستی ٢٠١٤ دا لەبەرچاوی هەموان جیهادیە ئیسلامیەکانی داعش بە پشتبەستن بەدین و باوەیان هەلمەتی لەناوبردنی ئێزدیانیان دەستپەکرد و ئەنجامدا. بەر لە هەرشەکەی داعش دەسەلاتداران پەراوێزیانکردبوون و کەمەگەیەکی پشتگوێخراوبوون، ئەوەی سەر بە پارتی نەبوایە و سەر بەلایەنیتر بوایە پەراوێز و دژایەتی دەکرا، پارتی هەمان کاتی بەحزبیکردن و گەندەڵ و ناکوردستانی لەوەش پیادەدەکرد، کەمەگە خرابووە ژێر چنگ و چەپەکی حزبی پشووتەنگی سەرەک. ئەوان وەکو کەمەگەیەکی تایبەت هیچیان بە نەکرا و گرنگیان پێنەدرا و لەبیرکراوبوون.

لە کاتی هەرشەکەدا هەزەکانی پارتی کە گوایە هێزی بەرگری و پارێزگاری ئەو بوون رایانکرد و ئێزدیەکانیان بە ئیسلامیەکانی داعش جێ هیشت، هەروەکو ئاوارە ئێزدیەکان گوتیان "فرشتیانن". دیتمان دەستدرێژیان کرایەسەر و کوشتوبڕ کران. شوێن هەبوو چەند ڕۆژ و هەفتە دوای هەرشی شەنگال ئەوجا داگیرکرا وەکو گوندەکانی نادیە گوندی کەجە کە لەلایەن داعشەوە دەوری درابوو و لە ١٥

سەپتەمبەردا دەستی بەسەردا گیرا و خەڵکەکەی بەر شاڵاوی تاوانی گەلکوژی کۆتن. هیچ هەزمک بەهانایانەوە نەچوو. بۆیە دەکرێ بڵێین کورد و جیهان پشتیان تێکردن.

ئێزدیەکان ئێستا چ وەکو تاک یا کۆمەڵگە لە ئازار و تراومای تاوانەکاندا دەژین، چیرۆکە جەرگبڕەکان ئاسمانی بیر و هۆشیانی داگیرکردووە و لە زامی تەنیایی و بێکەسیدا دەتڵێنەوە. دەستات و کۆمەڵگەی موسوڵمانی دەوریان لە ئازار و داخوازیەکانی ئێوان ناگەن، قوربانیە رزگاربووەکان هەندێکیان لە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونداون، گەلێکیان نائومێدانە چاوەڕێی کۆتایی و نەمان دەکەن، لای زۆریان دوای نەمانی خۆشەویستان و دوای ئێو هەموو تیرار و تاوانێ درندانەیە ژیان هیچ واتایەکی نەماوە. دیل و بێکەیلەکراوەکان هەر رۆژی مردنێک بەچاوی خۆیان دەبینن و خۆزگەی نەمان دەخوازن، کەسێ هوشیار و بێئاگاکان لەوانێ نادیە لە خەمی رزگارکردنی ئێوانیترن و خۆبات دەکەن. زۆر لە دایکەکان چاوەڕێی هەواڵی کچ و کوڕێ ووبووەکانیانن و لە هەریسەنتی هیوای دوورەدەستدا دەژوانن...

گومان لێوەدا نییە کەوا زۆرینەی ئێزدیەکان لە باشوری کوردستاندا دەژین، ئێوان کەمینەیەکی خاوەن ئایین و کەلتووری تایبەت بە خۆیانن، بەدرێژایی مێژوو بوونەتە قوربانی دەستی جوداکاری ئایینی و نەتەوەیی و چەندینجار بەرووبووی تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە و کوشتوبڕ کراون، دواجار لە 2014 دا ئیسلامیستەکانی داعش تاوانی گەلکوژیان بە دەندانەترین شێوە دژیان ئەنجامدا. ئێزدیەکان خۆیان دەڵین ئێوان تائێستا ٧٤ جار بەرووبووی "فەرمان" واتە قەکردن بوونەتەوە.

خۆلاتکرنی نادیە ساڕێژی زامی ئێوان بگومان ناکا هەروەکو مەبەستی خۆناتکۆش ئێوە نییە، چەون کەشی ئێوان زۆر بەرفراوانتر و سەختترە، بەتایبەتام بە جۆرە لە جۆرەکان بە کۆمەڵگەی ئێزدی دانپێنانێکە بە ئازارەکانی کۆمەڵگەی لەبیرکراوی ئێزدیان و بوونی ئێو کۆمەڵگە بەشخوراو و قوربانییە. گومان لێوەدا نییە کەوا هەوڵەکانی نادیە ڕاڵی گرنگی لە ناساندنی کۆمەڵگەکە و تاوانەکەدا وەکو تاوانی گەلکوژی بینی.

وەکو دیتمان دووەمی لە دانپێنان لە خۆناتکۆ و ڕاڵی نادیەدا بەجۆرە لە جۆرەکان لە لاپەرە کۆمەلایەتیەکاندا خرایە ڕوو، هەندێ بە ئێوەی ئاگاداری هیچ خۆباتێکی نادیە بن هەرشیان کردەسەر و

ناونا تەرەیان بە هەلبەست، هەندە لەبەر رەتکردنەوەی کوردبوونی ئەزدیەکان هەرشیان کردنسەر. بەکورتی بەپێی ئەوەی نوسەران رەخنەکان هەندەکیان لە بنەڕاگایی بوو، هەندیکیان لە دیدی ئەتنەناسیونالیستانەی کورتبینەوە بوو، وە هەندەکیان لە دیدەکی حزبیانەوە بوو، هەندە لە دیدەکی ئیسلامیانەوە بوو. دیارە دوای بەرزبوونەوەی نادیە موراد وەکو ئەستێرەیەکی ئەو کەمەلگە بەشخوراوە، ئەو رەخنە و هەرشانە خرانەروو.

پیشتر نادیە موراد لەلایەن دەسەلاتی هەرێم (پارتی کە لەو دەڤەرەدا دەسەلاتدارە) گرنگی پێنەدراوە و دژایەتیشی کراوە. پارتی هەوێیدا ئەندامی پارتی و پەرلەمان قیان دەخیل بەرزکاتەوە و سەرنجەکان بە لای ئەو راکێش بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. بۆیە هەندە لە رەخنەکان شون لەو دیدە حزبیەوە بەجێرە لە جێرەکان هەڵدەگرێت.
رەخنەی ئیسلامیستەکان کلاسیکیە و گوتنەکان سەرچاوە لەو فاکتەوە دەگرن، کە ئیسلامیەکان ئەوان وەکو کافر سەیر دەکەن و نکەڵی لە مافە ئایینی و کەلتوریەکانیان دەکەن، تووندرەوەکانیان لەناوبردنیان بەرەوا دەزانن. داعش کە رەکخراوەکی ئیسلامیستی تووندرەوە لەناوبردنی کەمەگەی ئەزدی بە ئەرک دەزانێ و هەر لەو ڕوانگەیەوەش تاوانی گەلکوژی ئەنجامدا. لەراستیدا ئەو تێگەیشتنە نەرێنیە کاریگەری لەسەر کەمەلگەی موسوماەنیش بەدیاری هەیە، هەروەکو زەر لە موسوماەنان تێگەیشتن و سەیرکی نەرێنیان بەرامبەر بە مرۆڤ و کەمەگەی ئەزدیان هەیە.

رەخنە ئیتنەناسیونالیستیەکان بە جێرە لە جێرەکان نکەلی لە دانپێنان بە نادیە و کەمەگەی ئەزدیان دەکات. دەگوترێ "ئەوان خەیان بە کورد نازانن"، "نادیە چی بە کورد کردووە؟!"، "ئەوان حاشا لە کوردبوونی خەیان دەکەن"! هتد. بەکورتی داوا لە نادیە و ئەزدیەکان دەکەن ناسنامەی نەتەوەیی خەیان ساغ کەنەوە و ئایا ئەوان سەر بە ئەمەن یان ئەوان! بەکورتی ئەوان تەنها ئەو کاتە کەمەگەی ئەزدیان لاپەسندە، ئەگەر ئەوان خەیان بە کورد دابنەن و خەیان لە کورد جیانەکەنەوە.

بەپێی مێژوو گەلی ئەزدی هەرگیز حاشایان لە زمان و کەلتوری خەیان نەکردووە. باشترە رەخنەگران بچن گوێیان لەبگرن و سەیری کەلتور و نەتوالی ئایینیان بکەن! مانەوەیان دوای دەیان هەلمەتی لەناوبردن بە درێژایی مێژووی بوونیان توانای خەاگری ئەوان دەسەلمێنە. ئەوان لە نەو گورگاندا ژیاون و درێژیان بە مانەوەی خەیاندا داوە. ئەزدیەکان وەکو کەمەگەیەکی ئەتنی خاوەن ئایین و

دابونەریتی تایبەت بەخەیان، خەیان سەرپشکن لەوی وابەستەی نەتەوەییان چیبە. ئەزدین یا کوردن؟ ئەوە پرسیارەکە ئەوان لە وەڵامیدا سەرپشکن. پێناسەی نەتەوەیی تەنها و تەنها مافی ئەزدیکان خەیانە، مافی کورد یا عەرەب یا کەسیتر نییە ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ئەواندا بسەپێنە. لە سەردەمی ژەمەی بەعسدا ئەزدیکان هەمووی بەعەرەب نوسرابوون و نکڵی لە ناسنامەی نەتەوەییان کرابوو، هەروەکو ئەزدیکان کەوتبوونژێر سیاسەتی بەعەربکردن و تواندنەوە لە پرسەیەکی پلانبەداندراوی پاکتاوی ڕەگەزیدا. سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ئەزدیکاندا بەهەرجۆرێک بێت دەچیتە خانەی چەوساندنەوە و پاکتاوی ڕەگەزی. هەروەها هەر جوداکارییەکی ئایینی یا نەتەوەیی پشتڵی مافەکانی مرۆڤ. بەیە گرنگە دەرک بکرێت کەوا کەمەگەی ئەزدی هەموو مافێکی کڵتووری و ڕامیاریان هەیە و پێویستە ئەو کەمینەیە بپارێزرێن، دان بە مافی کڵتووری و ڕامیاریاندا بندرێت، هاوکاریان لە ئاوەدانکردنەوە، گەشەسەندن و کرانەوەدا بکرێت، پێویستە خەڵکی کوردستان بە چاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە سەیری ئەو کەمەگە بەشخوراو و خەڵاگرە لەمژینەیە بکەن، شانازی بە جودایی و تایبەتمەندیەکانی ئەوان بکەن، باوەشی میهرەبانیان بە بکەنەوە و خۆشیان بوێن.

لە کۆتاییدا پیویستە بگوترێت، خەباتی نادیە خەباتێکی بەرزی مرۆڤایەتیە لە ئاستی کوردستان و ئێراق و هەرێم و جیهاندا. خەباتی چاکوانانی مافی مرۆڤ و تاوانی گڵکۆژی چ لە ئاستی کوردستاندا یا جیهاندا لەگەڵ خەباتکەی ئەودا لەیەک ڕێچکەی خەبات دەکەنەوە. خەباتی نادیە وەکو خەباتی هەر چالاکوانێکی مافی مرۆڤ بە جیهانێکی ڕەواتر و باشترە.

ژمارەیەک لەو ڤیدیۆکلیپانەی کە ئاماژە بە چالاکیکانی نادیە موراد، تاوانکارییکانی داعش و ئازاری قوربانیان دەکەن لە خوارەوە داندراوە.

Nadia Murad speaking to BBC HARDtalk in 2016

Amal Clooney Criticizes World Response To Yazidi Genocide | NBC News

الفتاة الأيزيدية نادية مراد: "داعش يغتصبون السيدات بعد الصلاة .. وقتلوا 700 شاب في ساعتين

https://www.youtube.com/watch?v=FhjV2aDlo9Q

Nadia Murad: Eine Jesidin kämpft für Menschenrechte

ISIS Survivor Nadia Murad Becomes UN Goodwill Ambassador | NBC News

The Interview: Yazidi former sex slave Nadia Murad recalls IS (group hell in Iraq (2016

Nadia’s Story: Yazidi survivor calls for international protection

Nobel Peace Prize shared by Nadia Murad, anti-rape activist l Al Jazeera English

Nobel Peace Prize laureate 2018 Nadia Murad, Efforts to end sexual violence as a weapon in war

Nobel peace prize 2018 winners: who are Denis Mukwege and ?Nadia Murad

Yazidi Girls: Prisoners of ISIS